بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (1)

هاتنەخوارەوەی ئەم قورئانەلەلایەن خوای باڵادەست و داناوەیە.

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ (2)

ئێمەئەم قورئانەمان ڕەوانەکردووەبۆ تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى اللهعلیهوسلم) نا حەق و ڕاستی ڕوون بکاتەوە، کەواتەهەر خوا بپەرستەو هەر ملکەچ و دڵسۆزبەبۆ ئاین و بەرنامەکەی.

أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ (3)

ئاگاداربن: تەنها دین و بەرنامەی خوا ڕاست و پاک و دروستە، چونکەئەوانەی جگەلەو زاتەکەسانی تر و شتی تر دەکەنەپشتیوان، (وەدەڵێن): ئێمەئەم بت و شتانەبۆیەدەپەرستین تا لەخوا نزیکمان بخەنەوە، بێگومان خوا داوەری دەکات لەنێوانیاندا، لەو شتاندا کەکێشەیان لەسەری هەیەو ڕایان دەربارەی جۆراوجۆرە، بەڕاستی خوا هیدایەت و ڕێنموونی ئەو کەسانەناکات کەدرۆزن و بێ باوەڕن.

لَوْ أَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّاصْطَفَى مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (4)

ئەگەر خوا بیویستایەکوڕێك بۆ خۆی بڕیار بدا دەبوا لەنێوان ئەو شتانەدا کەدروستی کردووەکەسێک یان شتێکی هەڵبژاردایە، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەیەکەدوورەلەشتی ناڕەوا و نابەجێ وەئەو خوایەزاتێکی تاک و

تەنهایەو زۆر بەدەسەڵاتەو (تۆڵەدەسێنێت لەوانەی کەدژایەتی دەکەن و ناپەرستن).

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ (5)

ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی دامەزراندووە، بەشێوەی کەوانەیی، شەو بەسەر ڕۆژدا دێنێت، بەهەمان شێوەی کەوانەیی ڕۆژیش بەسەر شەودا دێنێت (کەئەمەخۆی بەڵگەیەکی قورئانیەلەسەر شێوازی خڕی زەوی)، ڕۆژو مانگیشی ڕامکردووەو ڕای هێناون (لەفەرمانی دەرناچن و لەخزمەتی ئادەمیزادان)، هەریەک لەوانەلەچەرخ و خولدان تا کاتێکی دیاریکراو، ئاگاداربن: کەئەو خوایەزۆر بەدەسەڵاتە(تۆڵەکەکافران دەسێنێت و لەدەستی دەرناچن) وەزۆریش لێخۆشبووەو (چاوپۆشی دەکات لەهەڵەو کەموکوڕی ئیمانداران).

خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنْ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ (6)

(بیرتان نەچێت) ئێوەی لەتاکەکەسێک هێناوەتەکایەوەلەوەودوا لەو تاکەکەسەهاوسەرەکەشی فەراهەم هێناوە، لەماڵاتیشدا هەشت جووتی پێ بەخشیون (لەئایەتی 143، 144، لەسوورەتی الانعام دا ئاماژەی بۆ کردووە)، لەسکی دایکتاندا ئێوەدروست دەکات، لەناو سێ تاریکستاندا (کەمەبەست سێ پێستەکەیەکەکۆرپەلەی تیا حەشار دراوە)، جا گۆڕانکاری بەردەوامەو گەورەبوون و جیابوونەوەی ئەندامەکان (ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خۆی دەنوێنێت) ئا ئەوەیەخوای ئێوە، ئا ئەوەیەپەروەردگارتان، خاوەنی هەموو بەدیهێنراوەکانەجگەلەو خوایەکی تر نیە، ئیتر بۆکوێ دەچن و ڕوو دەکەنەکێ؟

إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (7)

ئەگەر خۆتان بێ باوەڕ بکەن، بێگومان خوا بێنیازەلێتان، (هەرچەندە) ڕازی نابێت کەبەندەکانی بێ باوەڕ بن و ڕێبازی خوانەناسی بگرن، بەڵام ئەگەر ڕێبازی سوپاسگوزاری بگرنەبەر، بەو کارەتان ڕازی دەبێت، (دڵنیاش بن) کەهیچ کەس کۆڵی گوناهی کەسی تر هەڵناگرێت، پاشان گەڕانەوەتان بۆلای پەروەردگارتانەو هەواڵی هەموو ئەو کارو کردەوانەتان دەداتێ کەئەنجامتان داوە، چونکەئەو زاتەزانایە(بەهەموو ئەو شتانەی)، لەسینەو دڵ و دەروونەکاندا حەشاردراون.

وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ (8)

(زۆربەی) ئادەمیزاد ئەگەر تووشی ناخۆشی و زەرەرێک هات، هاناو هاوار بۆ پەروەردگاری دەبات و بەدڵشکاویی لێی دەلاڵێتەوە، ئینجا ئەگەر خوا دەرووی لێکردەوەو نازو نیعمەتی پێ بەخشی، دۆعاو نزاو هاناو هاوارەکانی ئەوسای فەرامۆش دەکات، هاوەڵ و شەریک بۆ خوا بڕیار دەدات، دەیەوێ خەڵکی لەڕێبازی ئەو وێڵ بکات، (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) بەو جۆرەکەسانەبڵێ: کەمێک بەبێ دینی و خوانەناسی ڕابوێرە، بەڵام دڵنیابەکەتۆ نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخیت.

أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ (9)

(ئایا ئەو جۆرەکەسانەی کەباسکران چاکترن) یان ئەوەی کەلەتوێی شەوگاردا هەڵدەستێ بۆ خواپەرستی، سوژدەدەبات و بەپێوەدەوەستێت، لەلێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و ئومێدو هیوای بەمیهرەبانی پەروەردگاری هەیە، (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم تۆ) بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کەدەزانن و (لەحەقیقەتی دنیاو قیامەت شارەزان) وەک

ئەوانەن کەهیچ شارەزاییەکیان لەو بارەوەنیە؟، بەڕاستی تەنها خوەن بیرو هۆشەکان لەم جۆرەیاداوەریانەسوود وەردەگرن و تێدەگەن.

قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ (10)

بەبەندەخاوەن باوەڕو ئیمانداراەکانم بلّێ کەلەپەروەردگارتان بترسن و خواناس بن، بۆ ئەوانەی کەلەم دنیایەدا چاکەدەکەن، پاداشتی چاک هەیە، زەوی پەروەردگاریش فراوانە(ئەگەر لەشوێنێک دنیاتان لێ تەنگ کرایەوەکۆچ بکەن بۆ شوێنێکی تر) بەڕاستی تەنها خۆگران پاداشتیان بێ سنوورو بێ ئەندازەیە.

قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ (11)

(هەروەها ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم پێیان) بلّێ: کەمن فەرمانم پێدراوەکەهەر خوا بپەرستم، (وەلەهەموو ژیانمدا) ملکەچ و فەرمانبەرداری دین و ئاین و بەرنامەی ئەو بم.

وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ (12)

وەفەرمانم پێدراوەکەیەکەمین کەس بم لەخواپەرستی و ئیسلامەتیی و دینداریدا.

قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (13)

(هەروەها) بلّێ: کەمن زۆر دەترسم لەسزای ڕۆژێکی گەورەو هەولّناک و سامناک (بەتاییەت) ئەگەر سەرکەشیی بکەم لەفەرمانی پەروەردگارم.

قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُ دِينِي (14)

وەبلّێ: من تەنها هەر خوا دەپەرستم و ملکەچ و فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکەی ئەو دەبم.

فَاعْبُدُوا مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِ قُلْ إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ (15)

ئێوەش (ئەی موشریک و بێ باوەڕان) چی دەپەرستن جگەلەو خوایە، بیپەرستن، وەپێیان بڵێ: خەسارەتمەندان ئەو کەسانەن کەخۆیان لەدەست دەدەن و کەسوکاریان بەفەتارەت دەدەن لەڕۆژی قیامەتدا، ئاگاداربن: کەبەڕاستی ئائەوەیەخەسارەتمەندیی ئاشکراو زیانی دیارو ڕوون.

لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ النَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ (16)

(ئەوانە) لەسەروویانەوەپەڵەهەوری دووکەڵ لەئاگر دەورەی داون، لەژێریشیانەوەهەمان پەڵەهەورو دووکەڵ هەیە، ئا بەو شێوەیەخوای گەورەبەندەکانی دەترسێنێ و (پێیان دەفەرموێت) ئەی بەندەکانم پارێزکاربن و خۆتان لەسزای من بپارێزن.

وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى فَبَشِّرْ عِبَادِ (17)

جا ئەوانەی کەخۆیان دوورەپەرێز گرتووەلەهەموو ئەو شتانەی کەخەڵکی دەیپەرستن، وەبەتەوبەو پەشیمانیەوەگەڕاونەتەوەبۆلای خوا، مژدەی (سەرکەوتن و سەرفەرازیی و بەختەوەریی و کامەرانیی) بۆ ئەوانەیە، دەمژدەبدەبەو بەندانەم..

الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ (18)

ئەوانەکەگوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا ئەوانەکەسانێکن کەخوا هیدایەت و ڕێنموونی کردوون، ئەوانەخاوەنی عەقڵ و ژیری و بیروهۆشن.

أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي النَّارِ (19)

(باشه.. ئاخر) ئەو کەسەی (کەبەهۆی خراپی و خوانەناسییەوە) بڕیاری سزادانی درابێت.. ئایا تۆ دەتوانی ئەو جۆرەکەسانەڕزگار بکەیت کەلەناو ئاگری دۆزەخدا گیریان خواردووە؟!

لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ (20)

بەڵام ئەوانەی کەلەپەروەردگاریان دەترسان و دیندار بوون کۆشک و تەلاری چەند نهۆم کەژوورەکانی لەسەر یەکن بۆیان ئامادەیە، جۆگەو ڕووبار بەژێرو بەبەردەم ئەو کۆشکانەدا جارییە، ئەوەش بەڵێنی خوایە، بێگومان خوایش بەڵێنی خۆی دەباتەسەر.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (21)

ئەی ئینسان ئایا نابینی: چۆن خوا لەئاسمانەوەباران دەبارێنێت، لەوەودوا لەناو زەویدا کۆی دەکاتەوە، دوایی بەشێوەی کارێزو کانی دەریدێنێت، ئەوسا هەر بەو ئاوەکشتوکاڵی هەمەجۆرو هەمەڕەنگ دەردێنێت، ئەوجا دەبینی وشک دەبێت و زەرد هەڵدەگەڕێت، پاشان دەیخات و وردوخاشی دەکات، جا بەڕاستی ئا لەو شتانەدا یاداوەری و یادخستنەوەهەیەبۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند (قودرەتی پەروەردگار دەبینن لەجیهانی ڕووەکدا، وانەی مردن و ژیانی لێوەردەگرن).

أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِ فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (22)

ئایا ئەو کەسەی کەخوای (میهرەبان) سینەی گوشاد کردووەبۆ ئیسلام و ئەو (بەختەوەرە)، لەسەر ڕێبازی نوورو ڕووناکی پەروەردگاریەتی، (وەک ئەو کەسانەوایەکەپێچەوانەن؟) هاوارو وەیل بۆ ئەوانەی کەدڵیان ڕەقەلەئاستی یادی خوادا، ئا ئەوانە لەگومڕاییەکی ئاشکرادا (گیریان خواردوە).

اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (23)

خوا (جل جلاله) جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتەخوارەوە(کەئەم قورئانەیە)، هەندێ ئایەت و بابەتی لەیەک دەچێت، هەندێک باسیشی (بەشێوەی جیاواز) تیا دووبارەبۆتەوە، (جا کار کردی ئەم قورئانەئەوەیەکە) تەزوو دێنێت بە(گیان) و پێستی ئەو کەسانەدا کەترسی پەروەردگاریان (لەدڵ و دەروونندا هەیە)، لەوەودوا (گیان)و پێست و دڵیان نەرم و ئامادەو چالاک دەبێت بۆ یادی خواو (خواپەرستی)ئا ئەوەهیدایەت و ڕێنموونی خوایەکە(هەرکەس شایستەبێت) هیدایەت و ڕێنموونی دەکات (بۆ ئەو پلەپایەبەرزانە)، ئەوەش کەڕێبازی خوا ون بکات کەس نیەڕێنموونی بکات.

أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجْهِهِ سُوءَ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَقِيلَ لِلظَّالِمِينَ ذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ (24)

دەبێت ئەو کەسەی بەڕوخسارو دەموچاوی بەرگری لەسزای سەختی ڕۆژی قیامەت بکات، (دەبێت چەند لەناخۆشیدا بێت، چونکەدەست و قاچی لەکۆت و زنجیردان)، ئەوسا بەو ستەمکارانەدەوترێت: دەی بیچێژن سەرئەنجامی کاروکردەوەکانتان.

كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَاهُمْ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ (25)

ئەوانەی پێش ئەمانیش (پێغەمبەرانیان) بەدرۆخستەوە، زۆری پێ نەچوو تۆڵەو سزا یەخەی پێگرتن لەشوێنێکەوەکەبەتەمای نەبوون و حسابیان بۆ نەکردبوو.

فَأَذَاقَهُمُ اللَّهُ الْخِزْيَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (26)

ئەوسا ئیتر خوا هەر لەژیانی دنیادا تاڵاوی کرد بەگەروویانداو ڕیسوای کردن، بێگومان سزای قیامەت سەختترەبۆیان ئەگەر هەستی پێ بکەن و تێبگەن و بزانن.

وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (27)

بەڕاستی ئێمەلەم قورئانەدا هەموو جۆرەنموونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە، بەڵکو یاداوەری وەرگرن و بیرێك بکەنەوەو (لەڕاستیەکان تێبگەن).

قُرآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (28)

قورئانێکی پاراو، بەزمانی عەرەبی، هیچ کەچی و لاریەکی تیا بەدی ناکرێت، بەڵکو پارێزکارو دیندارو خواناس بن.

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَاء مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (29)

خوای گەورەنموونەدەهێنێتەوەبەپیاوێك کەگیری خواردبێ بەدەست چەند (ئاغایەکی) شەڕانی و سەرکەشەوە، پیاوێکی تریش تەنها یەک (ئاغای سەلاری) هەبێت، ئایا ئەو دوو جۆرەنموونەیە، وەک یەکن، سوپاس و ستایش تەنها شایستەی خوایە، کەچی زۆربەی ئەو خەڵکەلەم ڕاستییەتێناگەن و نایزانن و لێکی نادەنەوە.

إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ (30)

سەرئەنجام تۆش دەمری و ئەوانیش دەمرن (کەس نامێنێت).

ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ (31)

پاشان ئێوە(واتەنەگبەت و یاخییەکان) ڕۆژی قیامەت، لەلای پەروەردگارتان یەخەی یەک دەگرن.

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى اللَّهِ وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ إِذْ جَاءهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ (32)

جا لەو کەسەستەمکاتر کێیە، کەدرۆ بەدەم خواوەهەڵدەبەستێ و ئەو ڕاستییەی کەپێی ڕاگەیەنراوە، بەدرۆی دەخاتەوە، مەگەر لەدۆزەخدا شوێنی مانەوەبۆ کافران نیە؟!

وَالَّذِي جَاء بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (33)

ئەو کەسەش کەڕاستی و حەقیقەتی هێناوە(کەپێغەمبەرەصلی اللەعلیەوسلم) وەئەوەش کەباوەڕی پێدەکات، (کەئیمانداران بەگشتی بەڕاستی ئەوانەخواناس و دیندارەکانن.

لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَلِكَ جَزَاء الْمُحْسِنِينَ (34)

هەرچییان بوێت لەلایەن پەروەردگاریانەوەبۆیان ئامادەیەو پێشکەشیان دەکرێت، ئا بەو شێوەیەپاداشتی چاکەکاران و چاکەخوازان دەدرێتەوە.

لِيُكَفِّرَ اللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُوا وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ (35)

(خوای گەورەئەوەندەباوەڕدارانی خۆش دەوێت) لەخراپترینی ئەو گوناهانەخۆش دەبێت کەئەنجامیان داوە، وەپاداشتیان دەداتەوەبەڕادەی چاکترین کردەوەیەک کەپێی هەستاون.

أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (36)

مەگەر خوا بەس نیەکەپشتیوان بێت بۆ بەندەی خۆی کە(پێغەمبەرەصلی اللەعلیەوسلم)، کەچی ئەوان تۆ دەترسێنن بەشتی تر جگەلەخوا، خۆ ئەوەی خوا گومڕای بکات و سەری لێ بشێوێنێت، ئیتر کەس ناتوانێت دەستی بگرێت و ڕێنموونی بکات.

وَمَن يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انتِقَامٍ (37)

ئەوش کەخوا هیدایەتی بدات و ڕێنموونی بکات و بیخاتەسەر ڕێی ڕاست کەس ناتوانێت گومڕای بکات، مەگەر هەر خوا باڵادەست و تۆڵەسێنەر نیە(لەتاوانکارو تاوانباران).

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ (38)

(ئەگەر لەبێ باوەڕان بپرسیت): کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ بێ دوودڵی و بەپەڕی دڵنیایەوەدەڵێن: خوا، باشەپێمان بڵێن: ئەوەی هاواری لێ دەکەن لەجیاتی خوا، ئەگەر ئەو خوایەبیەوێت تووشی بەڵاو ناخۆشیەکم بکات، ئایا ئەو بتانەدەتوانن فریام بکەون و نەهێڵن؟ یاخود ئەگەر بیەوێت ڕەحمەت و بەخششێکم پێ ببەخشێت، ئایا ئەوانەدەتوانن ئەو ڕەحمەت و بەخششەقەدەغەبکەن و نەیەڵن؟! تۆ (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) بڵێ من خوام بەسە، (کەلەتەنگانەدا دەگاتەفریام) دەبا ئەوانەی پشتیوانیان دەوێت هەر پشت بەو ببەستن.

قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (39)

هەرووەها پێیان بڵێ: ئەی قەوم و هۆزەکەم ئێوەلەسەر شێوازی خۆتان کار بکەن منیش سەرگەرمی کاری خۆمم جا لەئاییندەدا بۆتان ڕوون دەبێتەوە.....

مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ (40)

کەکێ تووشی سزایەک دەبێت کەسەرشۆڕو شەرمەزارو سەرگەردانی دەکات (لەدنیادا)، لە(قیامەتیشدا) سزایەکی بەردەوام داوێنگیری دەبێت و لەکۆڵی نابێتەوە.

إِنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ (41)

ئێمەئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردووەتا هەرچی ڕاستیەکانەبۆخەڵکی ڕوون بێتەوە، جا ئەوەی ڕێبازی هیدایەت بگرێتەبەر، ئەوەخۆی (قازانجی) کردووە، ئەوەش کەگومڕایە، گومڕابوونەکەی لەسەر خۆی دەکەوێت، وەنەبێت تۆ چاودێرو پاڵپێوەنەریان بیت (تا بەزۆر بیانخەیتەسەر ڕێبازی هیدایەت).

اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (42)

هەر خوایەکەگیان و (ڕۆح) دەگرێتەوەکاتی مردنی، هەروەها ئەو کەسەش کەنامرێت لەخەوەکەیدا (هەر خوا بۆی دەنێرێتەوە)، جا ئەو کەسەی کەخوا بڕیاری مردنی دابێت ڕۆحەکەی دەگرێتەوەو (ناگەڕێتەوەبۆ لاشەکەی)، ئەو کەسەش کەڕۆژی تەواو نەبووبێت دەینێرێتەوەبۆی تا کاتێکی دیاریکراو، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیەبۆ کەسانێك کەتێفکرن و بیربکەنەوە(لەم ساڵانەی دوایدا ئارسەر ئەلیسۆن زانای فیزیای ناوکیی لەکۆنگرەیەکدا لەقاهیرەبابەتێکی دەربارەی مردن و خەو پێشکەش کرد تیایدا وتبووی: دوای نزیکەی 25 ساڵ (دراسە)و وردبوونەوەبۆم دەرکەوتووەکەخەو جۆرەمردنێکە، ئەو کاتەزانایەکی موسوڵمان ئاماژەی بۆ ئەم ئایەتەکرد، ئیتر ئارسەر سەری سوڕماو شایەتمانی هێنا، ئێستا موسوڵمانێکی ئینگلیزی تێکۆشەرە).

أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاء قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ (43)

(سەرلێشێواوەکان) لەجیاتی خوا شتی تریان کردووەبەتکاکاری خۆیان؟! پێیان بڵێ: باشە، ئەگەر هیچ بەدەستیش بن و هەست و شعوریشیان نەبێت، (هەر دەیانکەنەتکاکارو بەتەمان شتێکیان بۆ بکەن؟).

قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (44)

ئینجا پێیان بڵێ: تاکاکارو تکا وەرگرتن هەرهەمووی بەدەست خوایە، هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایەئەو خاوەنیانەلەوەدوایش گەڕانەوەتان بۆلای ئەوە.

وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (45)

هەرکاتێك ناوی خوا برا و تاك و تەنهاییەکەی ئاشکرا کرا، ئەوانەی کەباوەڕیان بەقیامەت و ڕۆژی دوایی نیەدڵیان دەگیرێ و بێزاری دایاندەگرێ، بەڵام هەرکاتێ باسی شتی تر کراو ناوی شتی تر برا، کەیفخۆش دەبن و حەزی پێ دەکەن.

قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (46)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم، ئەی ئیماندار تۆ) بڵێ: ئەی ئەو خوایەی کەبەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویت، زانای پەنهان و ئاشکرایت، هەر تۆ دادوەری دەکەیت لەنێوان بەندەکانتا، لەو شتانەدا کەکێشەیان لەسەری هەیەو ڕاو بۆچونیان لەسەری جیاوازە.

وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ مِن سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ (47)

(جا لەو ڕۆژەدا) ئەوانەی کەستەمکارن ئەەر خاوەنی هەر هەموو زەوی بن، ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت، لەڕۆژی قیامەتدا هەر هەمووی دەکەنەقوربانی خۆیان و هەمووی دەبەخشن لەپێناوی ڕزگاریی خۆیاندا کاتێک کەدەبینن سزاو ئازاری دۆزەخ زۆر سەختە، وەلەلایەن خواوەسزاو ئازارو ئەشکەنجەی وایان بۆ ئامادەکراوەکەهەرگیز بەتەمای نەبوون.

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (48)

ئەوسا ئیتر سەرئەنجامی کاروکردەوەناشرینەکانی خۆیانیان بۆ دەردەکەوێت، وەئەوەی کەبەگاڵتەگرتبوویان و بڕوایان پێی نەبوو داوێنگیریان دەبێت.

فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (49)

هەرکاتێك ئینسان تووشی ناخۆشی و ئازارێک هات هاناو هاوار بۆ ئێمەدێنێت، وەئەگەر نازو نیعمەتێکمان پێبەخشی دەڵێت: ئەمەتەنها شارەزایی خۆمە، زیرەکی خۆمە، لێهاتووی خۆمە، (نەخێر وانیە) ئەو بەخشینەبۆ تاقیکردنەوەیە، بەڵام زۆربەیان (بەم ڕاستییە) نازانن.

قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ (50)

ئەوانەی پێش ئەمانیش شتی وایان دەوت وەنەبێت کارو کردەوەکانیان فریایان کەوتبێت و سوودی پێ گەیاندبن.

فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَؤُلَاء سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ (51)

ئەوسا ئیتر کاروکردەوەناشرین و ناپوخت و نادروستەکانیان داوێنگیریان دەبێت، ئەوانەش کەستەمکارن لەوانە(لەموشریکەکانی مەککەو، هەموو ئەوانەی دەبنەکۆسپ لەبەردەم ئاینی خوادا)، ئەوانیش کردەوەناشرینەکانیان داوێنگیریان دەبێت، وەنەبێت ئەوانە(لەتۆڵەی خوایی) دەرباز ببن.

أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (52)

ئایا ئەوەنازانن کەهەر خوا ڕزق و ڕۆزیی دەبەخشێت بەهەرکەس کەبیەوێت،، یا تەنگی دەکاتەوەبەڕاستی ئالەو (کەم ڕۆزیی و ڕزق و ڕۆزیەدا) بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیەبۆ کەسانێك کەئیمان دێنن و باوەڕیان هەیە.

قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (53)

(ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليهوسلم پێیان) بڵێ: (خوا دەفەرموێت): ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کەخۆتان گوناهبار کردووەو هەڵەتان زۆر بووە، نائومێد مەبن لەڕەحمەتی خوا (چونکە) بەڕاستی (ئەگەر تەوبەی ڕاست و دروست بکەن) خوا لەهەر هەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت چونکەبەڕاستی ئەو خوایەزۆر لێ خۆشبوو و لێبوردەیەو زۆر بەسۆزو میهرەبانیشە.

وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (54)

(هەوڵ بدەن هەمیشەو بەردەوام) دڵتان لای خوا بێت و بگەڕێنەوەبۆلای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەو بن (لەهەموو ژیانتاندا)، پێش ئەوەی کەسزای خوا یەخەتان بگرێت لەوەودواش سەرکەوتوو نابن و کەس نابێ بەرگریتان لێبکات.

وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ (55)

(کۆشش بکەن کەبەردەوام) شوێنی چاکترینی ئەو فەرنامانەبکەون کەلەلایەن خواوەڕەوانەکراوەبۆتان (بێگومان چاکترە، زەکات بدرێ چاکە، بەڵام بەخشینی زۆرترو زیاتریش لەزەکات چاکترە، تۆڵەسەندن لەکەسێک کەحەقت بەسەریەوەهەیەڕێگەپێدراوە، بەڵام چاوپۆشی و لێبوردن چاکترە..هتد) پێش ئەوەی سزاو ئازاری کتوپڕ یەخەتان پێبگرێت و ئێوەهەست (بەنزیکی سزاکەنەکەن).

أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَى عَلَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ (56)

(کەواتەڕووبکەرەپەروەردگارو ملکەچی فەرمانەکانی ببە، ڕۆژی قیامەت کەس) نەڵێت: ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو هەموو لادان و

نادروستییانەی کەکردم، لەفەرمانەکانی خوا، لەبەرنامەکەی خوا، وەلەو کەسانەبوم کەگاڵتەیان بە(دین و بەرنامەی خوا دەکرد).

أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (57)

یاخود بڵێت: ئەگەر خوا هیدایەت و ڕێنموونی بکردمایەمن لەڕیزی پارێزکاران و چاکاندا دەبووم!!

أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (58)

یاخود کاتێك کەسزاو ئازار دەبینێت بڵێت: خۆ ئەگەر مۆڵەتێك بدرێم و جارێکی تر بگەڕێمەوە(بۆ دنیا مەرج بێت) لەچاکەکاران بم.

بَلَى قَدْ جَاءتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (59)

وا نیە: (ئەی پەشیمان) چونکەمن ئایەتی زۆرم بۆ ڕەوانەکردیت، تۆ کاتەبڕوات پێ نەدەکردو بەدرۆت دەخستەوە، فیزو دەمارگیریت دەکردو، لوتت هەڵدەبڕی لەئاستیدا، تۆ هەر لەریزی کافرو بێ بڕواکاندا بوویت (ئیتر ئێستا بۆچی بێ شەرمانەداوای گەڕانەوەبۆ دنیا دەکەیت؟!).

وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ (60)

جا ڕۆژی قیامەت دەبینیت، ئەوانەی درۆیان بەناوی خواوەدەکردو (شتی ناڕەوایان تێکەڵی دین دەکرد) ڕوخساریان ڕەش و تاریکە، مەگەر شوێنی ئەو فیزاوی و لوت بەرزانەئاگری دۆزەخ نیە؟!

وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (61)

(لەولاشەوە) خوای گەورەدیندارەکان ڕزگار دەکات بەهۆی سەرکەوتن و دەرچوونیان (لەتاقیگەی دنیادا) ئیتر تووشی هیچ جۆرەناخۆشی و تاڵییەک نابن، هیچ جۆرەغەم و پەژارەیەکیشیان تووش نایەت.

اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (62)

هەر خوایەبەدیهێنەری هەموو شتێك، هەر ئەویش سەرپەرشتیارو پارێزەری هەموو شتێکە.

لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (63)

کلیل و جڵەوی ئاسمانەکان و زەویش هەر بەدەست ئەوە، جا ئەوانەی بێ باوەڕن بەئایەتەکانی خوا، ئەوانەلەخەسارەتمەندو زەرەرمەندانن.

قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ (64)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیهوسلم) پێیان بڵێ: ئەی نەفامان، دەتانەوێت و فەرمانم پێ دەکەن کەجگەلەخوا شتی تر بپەرستم؟!

وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (65)

(با دڵنیا بن) کەوەحی و نیگا نێردراوەبۆ تۆ، وەبۆ ئەوانەی پێش تۆش: (هەرکەسێکت) هاوەڵپەرست بیت و (شەریک بۆ خوا بڕیار بدەیت) کاروکردەوە(چاکەکانیشت) پووچەو دەچیتەڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە.

بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ (66)

کەواتەهەر تەنها خوا بپەرستە، وەلەدەستەی سوپاسگوزاران بە.

وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (67)

(ئەوانە) قەدری خوایان وەک پێویست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، بەمەرجێك هەر هەموو گۆی زەوی پڕ مشتێکی ئەو زاتەیەو لەڕۆژی قیامەتدا (لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە)، ئاسمانەکانیشی لەژێر باڵی قودرەتیدا پێچاوەتەوە(ئاماژەیەبۆ نیشانەی دەسەڵاتی بێ سنووری ئەو زاتە)، پاکیی

و بێگەردیی و بڵندیی بۆ ئەو پەروەردگارەمەزنەی شایستەی ئەوەنیەنەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن و (قەدری نەزانن).

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاء اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُم قِيَامٌ يَنظُرُونَ (68)

(ڕۆژێک دێت کەئیتر بڕیاری خوایی دەبێت ئەنجام بدرێت، بەکۆتایی هێنان بەژیانی دنیاو بەرپاکردنی ڕۆژی قیامەت) ئیتر فوو دەکرێت بە(صور)دا، مەگەر هەرخوا خۆی بیزانێت چیەو چۆنەهەر کەس لەئاسمانەکان و زەویدا مابێت دەستبەجێ دەمرێت، مەگەر کەسێک خوا ویستی (لەسەر مردنی) نەبێت، لەوەودوا فوویەکی تری پیا دەکرێتەوە، (هەر هەموو خەڵکی) هەستاونەتەسەر پێ و چاودەگێڕن (بەسەرسامیەوە) تەماشای یەکترو دەوروبەر دەکەن.

وَأَشْرَقَتِ الْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ الْكِتَابُ وَجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ وَالشُّهَدَاء وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (69)

(دیارەکەخۆری دنیا نەماوەو) زەوی (بووەتەگۆڕەپانێکی فراوان) ئەوسا بەنووری پەروەردگاری ڕوناک دەبێتەوە، کارنامەو دۆسیەکانیش دانراون، (سەرەتا) پێغەمبەران و شەهیدان دەهێنرێن، وەدادوەری لەنێوانیاندا ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی حەق و ڕاستی، (بێگومان) ئەوان هیچ جۆرەستەمێکیان لێناکرێت.

وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ (70)

هەرکەسەدەرئەنجامی کردەوەی خۆی وەردەگرێت، سەرئەنجامی کۆششی خۆی دەست دەکەوێت، چونکەئەو زاتەزۆر زانایەبەو کاروکردەوانەی کەخەڵکی کاتی خۆی ئەنجامیان دەدات.

وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاؤُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاء يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ (71)

(سەرئەنجام) دەستەی بەدکاران، دەستەی کافران، ڕاپێچ دەکرێن بەرەو دۆزەخ دەستەدەستەو تاقم تاقم دەگوێزرێنەوە، کاتێك دەگەنەبەر قاپیەکانی، (هەموو دەمۆڵن لەبەردەمیداو، دوای ماوەیەک) بۆیان دەکرێتەوە، (فریشتەی) بەرپرس و سەرپەرشتیار (سەرزەنشتیان دەکات)و پێیان دەڵێت: باشە، مەگەر پێغەمبەران لەخۆتان ڕەوانەنەکرابوو بۆتان کەئایەتەکانی پەروەردگاری خۆتانتان بەسەردا بخوێنیتەوە، وەیاداوەریتان بکات و داتانبچڵکێنێت پێش هاتی ئەم ڕۆژە، (بەدەم ئاخو داخ و ناڵەوە) دەڵێن: با، بەڵێ، بەڵام (تازە، بەڵێ، سوودی نیە)و بڕیاری سزاو ئازار دراوە بەسەر کافرو بێ بڕواکاندا.

قِيلَ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ (72)

(ئەوسا ئیتر پێیان) دەوترێت: دەی ئیتر لەقاپیەکانی دۆزەخەوەبۆ أووروەوە، بچنەناوی ژیانی ناخۆش و سەختیش بۆتان بەردەوامە(مردنیش نیە) ئای کەچەند ناسازە، جێگەو ڕێگەی فیزاوی و خۆبەزل زانەکان.

وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاؤُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ (73)

(لەولاشەوە) ئەوانەی کەپارێزکارو بەندەی ملکەچی پەروەردگاریان بوون، (ئەوانەی حسابیان بۆ ئەو ڕۆژەدەکرد) دەستەدەستەوپۆل پۆل (بەو پەڕی ڕێزەوە) بەڕی دەکرێن بەرەو بەهەشت، کاتێك کەدەگەنەئەوێ دەروازەکانی لەڕوویاندا کراوەیەو لەسەر پشتە، (فریشتەکانی) بەرپرس و سەرپەرشتیارانی بەهەشت (زۆر بەگەرمی و ڕووخۆشیەوەپێشوازییان لێدەکەن) و دەڵێن: دروودو سڵاوتان لێ بێت، فەرموون بچنەناو بەهەشتەوە، هاوڕی لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا.

وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاء فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (74)

(ئەوسا ئیتر ئەو بەختەوەرانە) دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی، کەبەڵێنی خۆی بۆمان بردەسەر، وەکردینی بەخاوەنی سەرزەمینی بەهەشت و لەهەر شوێنێک و لەهەر جێگەیەکدا بمانەوێت سەربەستانەژیان دەبەینەسەر، ئای چەندەپاداشتی تێکۆشەران و هەوڵدەران چاک و پاک و بەنرخە.

وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (75)

ئەوسا ئیتر: دەبینی فریشتەکان دەوری تەختی (شاهی شاهانیان) داوەو سەرگەرمی تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگاریانن وەحەق و دادوەری لەنێوان هەمووواندا جیبەجێ کرا، ئینجا بەیەک دەنگ (لەهەموو لایەکەوە) دەوترێت: الحمد للهرب العالمین.